

# ”مەنیج حەیران“ وەک نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ژنە حەیرانبێژی کورد و ڕۆڵیان لە شکاندنی تابۆ کۆمەڵایەتییەکاندا


**سەبات حەمید مەجید**


---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی


سەرچاوە
Serchawe

## ناوەڕۆک

پوختەی توێژینەوە
پێشەکی

بەشی یەکەم: گرنگیی توێژینەوە
ئامانجی توێژینەوەکە

بەشی دووەم: حەیران

* جوگرافیای حەیران
* جۆرەکانی حەیران لە رووی پێکهاتە و ناوەڕۆکەوە

بەشی سێهەم: ژنە کورد لە مەیدانی هونەری گۆرانبێژیدا

* ژیان و بەسەرهاتی مەنیج حەیران لە ئاوێنەی یادەوەرییەکاندا
* چەند زانیارییەکی نوێ سەبارەت بە مەنیج حەیران
* دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکان بە کوردی

بەشی چوارەم

* ئەنجامی توێژینەوە
* پێشنیار و راسپاردەکا

# “مەنیج حەیران وەک نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

”




## ژنە حەیرانبێژی کورد و ڕۆڵیان لە شکاندنی تابۆ کۆمەڵایەتییەکاندا

**سابات حەمید مەجید**

**بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر**

## پوختەی توێژینەوە

لەو کاتەوە بیرم لە فولکلۆری نەتەوەکەم کردووەتەوە بەردەوام شتێک مێشکمی بەخۆیەوە خەریک کردووە کە ئاخۆ ژن لەو پانتاییەدا چ دەورێکی هەبووە. بە تایبەتی ئەوکاتانەی لە نێو حەیران و بەیتەکاندا گوێم لێ دەبوو حەیرانبێژ و بەیتبێژ بە دەستەواژەی (کیژ دەڵێ...) دەستیان پێ دەکرد لەبەر خۆمەوە دەمگوت: تۆ بڵێی هیچ ئاسەوارێک لەو کیژ و ژنانە مابێتەوە کە ئەوانەیان گوتووە؟ ئەو پرسیارە دەمێک بوو لە مێشکمدا ئۆقرەی لێ هەڵگرتبووم. بە دوای ئەو پرسیارەمدا لێرە و لەوێش باسی ئافرەتە ڕەنج بە خەسارەکانی نیشتمانەکەمم دەبیستەوە کە چۆن لە کولتوورێکی نێرسالاریدا هەموو بەهرە و تواناکانیان فەوتاوە و بە هەناسەساردی سەریان ناوەتەوە و ئاواتە جوانەمەرگەکانیان بردووەتە بن گڵ. لە ئاکامی ئەو پرسیارانەدا بوو بڕیارمدا بە پێی توانام لە داهاتوودا بیکەمە پڕۆژەی ژیانم و لەسەر ئەو ژنە بەهرەمەندانەی رابردوو هەر شتێکم وەگیر کەوت کۆی بکەمەوە و چەندی توانیشم خۆی بۆ ماندوو بکەم و بەدوایدا بچم. یەکێک لەو ژنە بەهرەمەندانەی ناوەکەیم بیست و هیچ ئاسەوارێکم لێی نەدی، مەنیج حەیران بوو. مەنیج حەیران ئەو ژنە ڕۆژهەڵاتییەی بە داخەوە جگە لە ناوەکەی هیچ شتێکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە، لەو کورتە لێکۆڵینەوەیەمدا هەوڵم داوە ئەو بەڵگە و

دیکۆمێنتانەی هەن لەسەری کۆیان بکەمەوە کە بە داخەوە بەشێکی هەرە زۆریان ئەو بیرەوەرییانەن کە لە زەین و یادەوەریی ئەو کەسانەدا ماوەتەوە کە لە نزیکەوە ناسیویانە یان دیتوویانە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر هۆکارەکانی دیارنەمانی دەنگی مەنجی حەیران و ژنە حەیرانبێژەکانی دیکەی کوردەواریمان...

## پێشەکی

زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب و هونەر لەسەر ئەو رایە کۆکن کە موسیقا و گۆرانی دوانەی لێک دانەبڕاون و جمکی دایکێکن بە ناوی هونەر. کەس نازانێ و لەکەسیش روون نییە یەکەم شیعر کێ هۆنیویەتەوە و چۆن و بۆچی گوتراوە. یان یەکەم جار چۆن و بە چ پێوەرێک جیاوازی دانراوە لە نێوان ئەو وتە و پەیڤەدا کە پێی دەگوترێ شیعر لەگەڵ ئەو بەشە لە ئاخافتندا کە لە شیعر جیایە. ئەو بیر و بۆچوون و پرسیارانە هیچ کات ئەو راستییەمان لێ ناشارنەوە کە مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی خۆی لەگەڵ موسیقا و شیعردا ژیاوە.

**محەمەد رەزا شەفیعی کەدکەنی لە کتێبی موسیقای شیعردا دەڵێ:** هیچ گەلێک لەو دنیایەدا نییە موسیقای نەبێ، کەوابوو دەبێ ئەوەمان قەبووڵ بێ کە موسیقا دیاردەیەکە لە ناخ و گەوهەری بنیادەمدا. هەر ئەو هۆکارانەی وای لە بنیادەم کردووە بەشوێن موسیقادا بڕوات، هەر ئەوانەشە پەلکێشیان کردووە بەشوێن شیعر هۆنینەوەدا و ئەو دووانەی (شیعر و موسیقا) ئاوا پێکەوە بەستووەتەوە، چونکە شیعر لە راستیدا موسیقای وشە و واژەکانە. (شەفیعی، ٢٠٠٧: ل ٤٤)

**ئەمیر حوسێنی ئاریانپوور یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ئێران لەو بارەوە دەڵێ:** لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ دا، کارکردن بە شێوەی گرووپی بوو. تاکەکانی هەر گرووپێک بۆ سەرکەوتن بەسەر کەندوکۆسپە تاقەتپڕووکێنەکانی بەر لە مێژوودا بە شێوەی هاوبەش و ڕێکوپێک کاریان دەکرد و لەبەر ئەوەی کە هەر کارێکی وەکوو خلۆر کردنەوەی گاشەبەرد یان هەڵکەندنی زەوی یان لەعەرزدانی درەخت یا سەوڵ لێدان، تێکەڵییەکە لە جووڵەی ڕێکوپێک و دووبارەبۆوە، خەڵکانی سەرەتاکان لە کاتی کاری گرووپیدا ئاکار و جووڵەی ڕێکوپێکیان هەبووە. ئەوان لەکاتی کارکردنێدا پێکەوە بەرەو پێشەوە و بەرەو دواوە دەنووشتانەوە و دەستەکانیان هەڵدەبڕی و دەیانهێنانەوە خوارێ، ئامێرەکانیان وەکار دەخستن و دەیان نرکاند. هەر وەکی داربڕێکی ئێستاش ئەو دەمەی بە تەور لە دارەکان دەدەن پشوویان بە خێرایی و بە دەنگێکەوە لە سینەیان دەردەدەن، خەڵکانی سەرەتاییش هاوکات لەگەڵ جووڵە ڕێکووپێکەکانیان، دەیاننرکاند و دەیان هانکاند و کۆمەڵە دەنگێکیان لە قوڕگیان دێنایە دەرەوە. ئەو دەنگانەی کە لە قوڕگەوە (هاواری کار) دەهاتنە دەرێ و لەگەڵ دەنگی بەریەککەوتنی ئامێرەکانی کارکردن، تێکەڵ دەبوون و بەهۆی کێشی کارەکەوە جۆرە هاوئاهەنگی و ریتمێکیان



سەرچاوە Serchawe

تێدابوو. (ئاریانپور)

دیارە کە مرۆڤە سەرەتاییەکان بە پێی کەشی تایبەتیی خۆیانەوە وشەگەلێکیشیان هێناوەتە سەر زمان. لەو وشانە کە بە لای ئەوانەوە بە شتگەلێکی جادوویی لەقەڵەم دەدران و بەردەوام بەهۆی "دەنگی کارکردن" و "دەنگی ئامێری کار"ەوە دەپسانەوە، یەکەم گۆرانییەکان سەریان هەڵدا. هەر وەکی کێشی کار دەبووە هۆی رێکوپێکیی جووڵەکانی جەستەو دەنگی مرۆڤ و سەرهەڵدانی گۆرانی، دەنگی ئامێرە کارییەکانیش مرۆڤیان بەرەو سازکردنی ئامێرەکانی موزیک برد. تەنانەت هێندێک لە ئامێرەکانی موزیک راستەوخۆ لە هێندێ سازی ژێداری کەونارایی بە ئیلهام وەرگرتن لە کەمان ساز کران و یەکێک لەوان ئامێری "چەنگ"ە.

ئەم بۆچوونە کە یەکەمین جار لە لایەن کارل بوخێرەوە هاتە گۆڕێ، سەرەتا زۆر بە توندی کەوتە بەر رەهێڵەی رەخنە. بەڵام وردە وردە لە بۆچوونەکانی دیکە پتر وەرگیردرا. ئەمڕۆکە، لێکۆڵەرانی بواری موسیقی بە گشتی شایەتی ئەوە دەدەن کە: یەکەم، ئەوەی موسیقا بە گۆرانییەوە دەستی پێکرد و ئاواز تەواوکراوەی "دەنگی کار" و "دەنگی ئامێر" بوو، دووهەم ئەوەیکە ئامرازەکانی کارکردن رێخۆشکەری ئامێرە موزیکییەکان بوون.

بەو پێیە موزیک و گۆرانی (شیعر) بەشێکن لە پێناسەی هەر نەتەوەیەک. بەڵام ئەدەب هەموو نەتەوەیەک لە پێشدا لە باری مێژووییەوە بەسەر دوو بەشی نووسراو و زارەکیدا دابەش دەکرێت و ئەدەبی زارەکی یان فولکۆر کە بەردی بناغەی ئەدەبیاتی میللەتانە، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە نێو کورددا بەو هۆیەوە خوێندەواری زۆر درەنگ هاتووەتە کوردستان و ئەوەی پەیوەندیی بە مێژوو و لێکۆڵینەوەی زانستیانە و کۆمەڵناسییانەوە هەیە لە کوردستاندا زۆر شلک و ساوان و تەمەنیان زۆر نییە، دەکرێ بە تاوتوێکردن و شیکردنەوە و راڤەی فولکلۆرەکەمان کە ئاوێنەی ژیانی رابردووی باووباپیرانمانە، تیشک بخەینە سەر شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوە و دابونەریتە جۆراوجۆرەکانی کوردەواریی کۆن. پرۆفیسۆر د. عێزەدین مستەفا رەسووڵ دەربارەی گرنگیی فۆلکلۆر دەڵێ:" فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک. تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیاش. (مستەفا رەسول، ٢٠١٠: ل ١٢)

لە نێو جۆرەکانی فۆلکلۆری کوردیدا گۆرانی یەکێکە لە بەشە هەرە دەوڵەمەندەکانی فۆلکلۆر، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە سنووری ناوچەکانی بەزاندووە و بە ئاسانی بڵاو بووەتەوە. بڵاو بوونەوەکەشی هۆکاری خۆی هەیە و د.شوکریە رەسووڵ لەو بارەیەوە دەڵێ: ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنەیەدا بوونەتە هۆی ئەم

دەوڵەمەندییە. هەر وەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە. (رەسول، ۲۰۰۸: ل ۸۵)

گـۆرانی خـۆی جۆراوجـۆرە و روخسـاری جیـاوازی هەیە. بە تـایبەتی کوردسـتان بەهـۆی بەربـڵاوی و لە هەمـان کاتـدا لێکدابڕاوبوونی ناوچەکـانییەوە، بە پێی ئەو جیاوازییـانەش روخسـاری گۆرانییەکـانی لێک جیـاوازن ئەگەرچی بەشێک لەو روخسارە گۆرانییانە لەوانەیە لە بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردنشینەکاندا باو بوبن، بەڵام ئەوەی راستی بێ هەر پـارچە و ناوچەیەک مۆرکی تایبەتی خۆی لە روخسـار و شێوەیەکی تـایبەتی گۆرانیگوتن داوە و بەپێی دیالێکت و بن زاراوەی خۆی ناوێکی لێ ناوە. لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) و رۆژهەڵاتـی کوردستـان (کوردستـانی بندەستی ئێران) لەرووی روخسارەوە گۆرانی بریتییە لە: گۆرانی، لاوک و حەیران و بەستە و مەقام و بەیت . لە لای کوردەکـانی بـاکووری کوردسـتان و سۆڤیەتیشدا: ستران و لاوژە و کەلام و دیلۆک¬ی پێ دەڵێن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەیـران باسی یەکێک لە ئـافرەتە حەیرانبێژەکـانی کوردستان دەکەین بە ناوی مەنیج حەیران.

## بەشی یەکەم : گرنگیی توێژینەوە

ئـاوڕدانەوە لە ئەدەب و هـونەری ئافرەتـا بە تـایبەتی لە نێـو گەلـی کـورددا گرنگیـی خـۆی هەیە. چـونکە مرۆڤی کـورد بە داخەوە زۆر لە کاروانی پێشکەوتنە جیهانییەکان دواکەوتووە و ئەوەش هۆکاری زۆرە و لێرەدا مەبەسـتی تـوێژینەوەکەی ئێمە نییە. بە گشتی هونەرمەندی گەلی کورد سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکانی بەردەمی، کۆڵی نەداوە و بێهیـوا نەبـووە. مەنیج حەیرانیش وەک ژنە هونەرمەندێک لە هەزار دەرگا یەکێکی لێ نەکراوەتەوە بەڵام ئەو وازی نەهێناوە و کۆڵی هەر نەداوە. ئەو توێژینەوەیە کۆمەڵێک بۆچوون و بەڵگەی باش و پتەوی کۆ کـردووەتەوە لەسـەر ژیـانی مەنیج حەیرانـی هونەرمەنـد کە لێـرە و لەوێ لەسـەری گـوتراون و نووسـراون. لەگەڵ ئەوەشـدا لە دووتـوێی توێژینەوەکەمانـدا زۆر لایەنـی ژیـانی کـۆنی کوردەواری و هەڵ ًسوکەوت و روانین و جیهانبینیی ئەو گەلە و چۆنێتیی روانینەکەیانمـان بەرامبەر بە ئـافرەتی هونەرمەنـد بۆ روون بووەتەوە و تا رادەیەک بۆمان روون بـووەتەوە کە بـۆچی هونەرمەنـدێکی ئـاوا و بـاقی هونەرمەنـدە ناوبزربووەکـانی دیکەش جیا لە ناو هیچیان لێ بەجێ نەماوە.

بە سـەرنجدان بەو راسـتییە کە کوردسـتان یەکـێکە لەو وڵاتـانەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کە زۆر درەنـگ تەکنۆلۆژیـای پـێ گەیشـتووە، نەک هەر ژنـان بەڵکـو ژمـارەیەکی زۆری هونەرمەنـدە پیاوەکـانیش دەنـگە رەسـەنەکەیان بـزر بـووە و هـیچ

شوێنەوارێکیان لێ نەماوەتەوە. ئەوەش زیانێکی ئێجگار زۆری لە بواری هونەری کوردی داوە. زۆر جاران لە زمانی بەساڵاچووەکانمانەوە ناوی کەسانێکی دەنگخۆش و بەهرەمەند دەبیستین بەڵام هیچ شتێکیان لەپاش بەجێ نەماوە.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردستان زۆر لە مێژ نییە رێگەی بە ژنان داوە لە بواری هونەردا چالاکی بنوێنن و خۆیان دەربخەن. ئەوانەی بەو دواییانەش دەرکەوتوون هەر لە تیر و تانە و ترۆکردن و سووکایەتی پێکردن لە لایەن پیاوانەوە بێبەش نەکراون. بۆیە سەیر نییە کە دەنگی ئەوانە تۆمار نەکراوە و هیچ بەرهەمێکیان بە ئێمە نەگەیشتووە.

گرفتی سێهەم لەبەر دەممانـدا نەبوونی ئەقڵیەتی ئەرشیڤکردن و مشوورخواردن بووە لای کورد، کە بە داخەوە نەک هەر لەبواری گۆرانیدا بەڵکو لە زۆر بواری دیکەی وەک ئەدەب و رۆژنامەگەرییشدا زۆر خەزێنە و گەنجینەمان فەوتاون و نەماون. هەموو ئەوانە دەستیان داوەتە دەست یەک و بوونەتە گرفتی سەرەکیی بەردەم توێژینەوەکەمان، چونکە هەر توێژینەوەیەک بۆ ئەوەی بە پوختی بێ کەموکورتی بخرێتە روو، پێویستیی بە سەرچاوەی زۆر بەربڵاو هەیە کە بە داخەوە ئێمە لە هەموو ئەوانە بێبەش بووین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

مەنیج حەیران یەکێک لەو مرۆڤە کوردە بەهرەمەندانەیە کە مێژوو ناهەقیی لێکردووە و کۆمەڵگەکەشی ئەو زوڵم و ناهەقییەی لێ خەستتر کردووەتەوە، ئەگینا ئەویش دەبوو سەرێک بوایە لە نێو سەراندا و ئێستا ناوێک لە نێو ناواندا. ئەویش دەبوو نەوەی دوارۆژی نەتەوەکەی بیناسن و شانازیی پێوە بکەن، بەڵام ئەوە بەشی ئەو ئاوا براوەتەوە کە بە بێ ناوی و هەناسەساردی سەر بنێتەوە.

کاتێ دەبینین کەسێکی ئاوا نۆرم شکێن و ئازا و بوێر، کەسێک کە خۆی دەکاتە فیدای هونەر و تواناکەی و رێگەیەک دەکاتەوە بۆ نەوەی دوا رۆژی خۆی کەچی بە داخەوە ئێستا بەگوێرەی پێویست نەناسراوە، بە پێویستم زانی بە پێی توانا دەستی لێ بدەمە قەڵەم و قۆڵی لێ هەڵماڵم و چیی لەسەر ئەو هونەرمەندە هەیە کۆی بکەمەوە و لە دوو توێی ئەو باسەدا بیخەمە روو. چونکە ئەگەر ئەوانە لە کاتی خۆیدا ئەو قوربانییەیان نەدابوایە، بێگومان ئەو رچەیە نەدەشکا و ئەو هونەرمەندە ئافرەتانەی ئەمڕۆ کە بە ئازادی گۆرانی دەڵێن، دەبوو ئێستا ئەو تاڵی و سوێرییە بکێشن بۆ شکاندنی ئەو رچەیە. کەواتە قوربانیدانی ئەو ژنە هونەرمەندانە کاروانی هونەری ژنانەی کوردی نزیک بە نیو سەدە بەرەوپێشتر بردووە و وای کردووە ئیتر ئافرەتە هونەرمەندی ئەمڕۆ بەو رێچکەیەدا نەرواتەوە. بەڵام ئەگەر سەردەمەکەیان ئەو زوڵمە زۆرەی لێکردوون و هەقی خواردوون و سەرکوتی کردوون، ئیتر پێویستە نەوەی نوێ چاکەیان بداتەوە و ناویان بزر نەبێت.

## بەشی دووەم

## حەیران

* جوگرافیای حەیران
* جۆرەکانی حەیران لە رووی پێکهاتە و ناوەڕۆکەوە

### حەیران

لە نێو روخسارە جۆراوجۆرەکانی گۆرانیی کوردیدا حەیران پانتاییەکی تایبەتی گرتۆتەوە و لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگوترێتەوە. حەیران یەکێکە لە روخسارە دەوڵەمەندەکانی گۆرانیی کوردی. حەیران شێوە گوتنێکی کوردییە لەسەر مەقامی بەیاتە کە دوو چین یان شێواز یان جۆری گوتنی هەیە. مەقامی بەیات لە سەر نۆتەی سۆڵ وەرگیراوە... لە نۆتەی (لاکار)وە دەست بە گوتنی حەیرانەکە دەکاتن، دەچێتە نۆتەی چوارەم (دۆ) و هەندێ جار بۆ چەند چرکەیەک دەگاتە نۆتەی پێنجەم (رێ) و دواجار لە سەر نۆتەی یەکەمی ئەو مەقامە (سۆڵ) دەسەکنێت. بەڵام بەر لە هەموو شتێک پێویستە بە کورتی ئاوڕێک لە پێناسە و جۆگرافیا و شێوازی حەیران بدەینەوە.

هۆمەر دزەیی دەڵێ: "لە زمانی کوردیدا وشەی حەیران چوار مانای هەیە، هەر چوار واتاکەش دەگەڕێتەوە سەرچاوە و خزمایەتییەکی نزیکیان لە نێواندا هەیە.

١- A حەیران بە واتای قوربان بوون، بەفیدابوون دەگەیێنێت و زۆر کەرەت دەگوترێ هەی بە حەیرانت بم! واتا هەی بە قوربانت بم، هەی بە فیدات بم.

٢ - B حەیران واتای سەرسووڕمان و سەرسامبوون دەگەیێنێت.

٣- C حەیران لە ناوچەی هەولێر و کۆیە و موکریاندا بە مانای یار دێ. کوڕ بە یارەکەی دەڵێ: کچەتیمە حیران، حەیرانیش بەو دەڵێ: کوڕەتیمە حەیران.

٤- D حەیران ئەو ئاواز و بەندە خۆشەیە.... حەیران بۆ ناوی کیژ بەکار دێ. (دزەیی، ٢٠٠٦: ل ٢٠)

## جوگرافیای حەیران

دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ حەیران تایبەت بە کام ناوچەی کوردستان (رۆژهەڵات و باشوور)ە و لە کامیانەوە سەرچاوەی گرتووە و پەڕیوەتە ئەوی دیکەیان، هەتا ئێستاش را و بۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێک دەڵێن حەیران لە موکریان سەری هەڵداوە و بەرەو هەولێر هاتووە. هەندێک بە پێچەوانەوە دەڵێن لە دەشتی هەولێرەوە دەچێت بەرەو موکریان و زۆرجار سنوورەکە دەبڕێ و دەچێتە لای ماردین و دیاربەکر و لەوێ پێی دەڵێن حەیرانۆک.

**غەفوور مەخمووری لە بەرگی یەکەمی کتێبی هەگبەی مەخمووریدا دەڵێ:** هەر وەک روون و ئاشکرایە مەڵبەندی حەیران دەشتی هەولێر و قەراج و کەندیناوەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن و ناوی ئەم شوێن و ناوچانەی نێو حەیرانەکان هەمووی هی ئەم دەشتە پان و بەرینەیە و کەم حەیرانبێژ هەیە ناوی قەراج و کەندیناوە و هەولێر نەهێنێ، بێجگە لەمە کاتێک حەیرانبێژ دەست بە گوتنی حەیرانەکەی دەکات لە قەراج و مەخموور هەردەستێ بۆ هەر کوێیەک بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە. (مەخمووری، ٢٠١٠: ل ١٩)

**خالید جووتیار** لەو بارەیەوە بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێ: ئەگەرچی حەیران لە دەشتی هەولێردا باو بووە، بەڵام یەکەم جار لەوێوە سەری هەڵنەداوە، چونکە کورد میللەتێکی شاخ نشین بووە، ژیاری ئێمە لە ئەشکەوت و گەلیانەوە پەخش بۆتە پێدەشت و دەشتاییەکان. هەموو بەڵگە مێژووییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە رووی کۆچ و کۆچباری خێڵ و عەشیرەتەکانمان لە بەرزایی ئەو کێوانەوە بەرەو دەشتاییەکان هاتووە. (جوتیار، ١٩٩٠: ل ٤٣)

**مامۆستا حەمەی حەمەباقییش لە کتێبی مێژووی موسیقای کوردیدا دەڵێ:** من پێم وایە ناوچە زۆزان و سەختەکان پلەی دەنگ و ریتمی مۆسیقا و گۆرانییان توند و گورجە و تا بەرەو ئاران و پێدەشت و هەردە و هەڵەتی باشووریش شۆڕتر ببینەوە، ریتمی مۆسیقا و گۆرانییەکان هێمنتر و خاوتر و ئارامتر دەبنەوە وەک ئەوەی ئەگەر لە جۆرافیای لاوک و لاوژە و حەیران و سیاوچەمانەدا کە لە هەرێمە کوێستان و سەختەکان دان، ریتمی مۆسیقایان گورج و حەماسی بێت، ئەوا لە پێدەشتەکانی گەرمیانی دەوروبەری کەرکووک و سلێمانی و کراماشاندا، مەقامی خەمین و لەسەرخۆی وەک ئای ئای و قەتار و خاوکەر و هۆرە ئەبیستین. (باقی، ٢٠٠٩: ل ٢١)

## جۆرەکانی حەیران لە رووی پێکهاتە و ناوەڕۆکەوە

حەیرانیش خۆی بە پێی پێکهاتەکەی، بەسەر چەند بەشێکا دابەش دەبێت.

**١- حەیرانی مەجلیسی و کۆشک و دیوەخان**: حەیرانی مەجلیسی لە دیوەخان و کۆڕ و مەجلیسدا گوتراوە. بە پەیژە و چینێکی نزمدا گوتراوە و دەنگی حەیرانبێژەکە لە مەجلیس و کۆڕەکە نەچووەتە دەرەوە و هەر ئەوانەی لەوێدا دانیشتوون گوێیان لێی بووە.

**٢- حەیرانی چیایی، هەوایی**: ئەو حەیرانە لە ئامێزی سرووشتدا گوتراوە. حەیرانبێژ بەکەیفی دڵی خۆی تێی چریکاندووە و دەنگی لێ هەڵێناوە. دوکتۆر شوکریە رەسووڵ لە کتێبی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا دەڵێ: حەیرانی سەرچیایی ـ سەرهەڵدان، هەوایی سواری لە چینی دووەمی حەیراندا (سەرچیایی) زۆرتر لە دەرەوە ... لە ناو سرووشتدا گوتراوە... حەیرانبێژ لە نۆتەی پێنجەمی مەقامی (بەیاتی سۆل) واتە (رێ) دەست بە گوتنی ئەو چینە دەکات و دەچێتە سەر نۆتەی شەشەمی (می بیمۆڵ) و دێتەوە بۆ نۆتەی پێنجەم (رێ) . ئەم کارە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و دواجار دەگاتە نۆتەی حەفتەمی مەقامی بەیات (فا) بەر لەوەی جارێکی دی پێ بە پێ دابەزێت و لەسەر نۆتەی یەکەمی مەقامی بەیات واتە (سۆڵ) بسەکنێت. (رەسول، ٢٠٠٨: ل ١١٢)

## بەشی سێهەم

### ژنەکورد لە مەیدانی هونەری گۆرانبێژیدا

- ژیان و بەسەرهاتی مەنیج حەیران لە ئاوێنەی یادەوەرییەکاندا
- چەند زانیارییەکی نوێ سەبارەت بە مەنیج حەیران
- دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکان بە کوردی
- مامۆستا هێمن لە توحفەی موزەفەرییەدا ئاوا باسی مەنیج حەیران دەکات
- بیرەوەریی دایکی ئەنوەر سوڵتانی

### ژنەکورد لە مەیدانی هونەری گۆرانبێژیدا

ئەوەی هەتا ئێرە باسمان کرد ئاوڕدانەوەیەکی کورت بوو لە حەیران. لێرەوە دەچینە سەر بابەتی سەرەکیی باسەکەمان کە



سەرچاوە Serchawe

پەیوەندیی بە ژنە حەیرانبێژێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە بە ناوی مەنیج حەیران. بەڵام دیسان بەر لەوەی بچینە سەر باسی مەنیج حەیران خۆی، ناچارین ئاوڕێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕوانین و ئەقڵیەتی ئەو کۆمەڵگەیە بدەینەوە.

ئەگەر بە ڕوانینێکی دوور لە دەمارگرژی و زانستیانە لە کۆمەڵگەی کوردستان بڕوانین، دەبینین کورد وەڕی سووکایەتییەوە بۆ گۆرانیبێژ و ژەنیارەکان بەکار هاتوون. لەگەڵ ئەوەدا کە دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان شوێنی ڕاگرتن و حەواندنەوەی بەیت بێژ و حەیرانبێژەکان بووە، بەڵام خۆی ئەوەش هەرچەندە قازانجی خۆی بووە، کەچی لەبەر چاوی ڕەشی حەیرانبێژ و بەیتبێژەکان نەبووە، بەڵکو ئاغا و بەگەکان کۆڕی خۆیانیان پێ گەرمدا هێناون و خۆیان پێ هەڵکێشاون. و پتر لەوەی هۆشیارییەکی تێدا بووبێ لە پێناوی خزمەت بە هونەردا، پتر بۆ ڕازاندنەوە و گەرمداهێنانی کۆڕەکانی دیوەخان بووە. بۆیەش هەرگیز وەک هونەر لەوێ سەیری نەکراوە و بەیتبێژیش نەک وەک هونەرمەند سەیری نەکراوە بەڵکو وەک ئامرازێک بەکار هێنراوە.

دەی لەوەها کۆمەڵگایەکدا کە بە چاوی سووک، یان وەک ئامرازێک لە هونەری ڕوانیوە، مسۆگەرە هونەرمەند قەدر و قیمەتێکی ئەوتۆی نابێ. سەرباری هەموو ئەوشتانەش ئەگەر بێنی لەو کۆمەڵگایەدا ئافرەت کە خۆی نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانەنراوە و گەورە و چووکەی پێ کراوە و لە سەر پشتی بێشکە بەمێرد دراوە و ژن بە ژنی پێ کراوە و لە تۆڵەی خوێنێ دراوە و وەک چلکاوێک بە ئاگری دوژمنایەیی خێڵ و عەشیرەتاندا کراوە... لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت هەستێت و پێ بنێتە مەیدانی هونەرەوە بە دڵنیاییەوە گوناحەکەی دەبێتە گوناحی کەبیرە و ڕەجم و لەعنەتی بەدواوە دەبێ.

ستان کۆمەڵگەیەکی نەریتی و خێڵەکی و ئایینیی هەیە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەر کام لەم چەمکانە لە باری کۆمەڵناسییەوە پێناسەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە و باسەکەی ئێمە مەجالی ئاوڕدانەوەی لەو باسانە نییە و نایپەرژێتە سەر ئەو جۆرە شیکردنەوە و ڕاڤەکارییانە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە کۆمەڵگەیەکی بەو تایبەتمەندییانەوە نەک پێشوازی لە هونەر ناکات و پەرەی پێ نادات بەڵکو زۆر کۆسپ و لەمپەر و تەگەرەشی بۆ دروست دەکات. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی ئەرکی قورسی هونەر دەخاتە ئەستۆی خۆی ئافرەتێکی نێو ئەو کۆمەڵگایە بێت، ئیتر ئەوە بە دەستی خۆی سێدارەی مەرگی هەڵخستووە. ئاوڕدانەوە لەکۆمەڵێک دەستەواژە و ئەتیکێتی خێڵەکیانە کە بۆ گۆانیبێژ و مۆزیکڤانەکانیان بەکار هێناوە، ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ دەسەلمێنێت. لە بەشێکی هەرە زۆری کوردستاندا دەستەواژەی "لۆتی" / "چاوەش"/ لەو دەستەواژانە بوون کە بەوپەڕی سووکایەتییەوە بۆ گۆرانیبێژ و ژەنیارەکان بەکار هاتوون. لەگەڵ ئەوەدا کە دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان شوێنی ڕاگرتن و حەواندنەوەی بەیت بێژ و حەیرانبێژەکان بووە، بەڵام خۆی ئەوەش هەرچەندە

قازانجی خۆی بووە، کەچی لەبەر چاوی رەشی حەیرانبێژ و بەیتبێژەکان نەبووە، بەڵکو ئاغا و بەگەکان کۆڕی خۆیانیان پێ گەرمدا هێناون و خۆیان پێ هەڵکێشاون. و پتر لەوەی هۆشیارییەکی تێدا بووبێ لە پێناوی خزمەت بە هونەردا، پتر بۆ رازاندنەوە و گەرمداهێنانی کۆڕەکانی دیوەخان بووە. بۆیەش هەرگیز وەک هونەر لەوێ سەیری نەکراوە و بەیتبێژیش نەک وەک هونەرمەند سەیری نەکراوە بەڵکو وەک ئامرازێک بەکار هێنراوە.

دەی لەوەها کۆمەڵگایەکدا کە بە چاوی سووک، یان وەک ئامرازێک لە هونەری روانیوە، مسۆگەرە هونەرمەند قەدر و قیمەتێکی ئەوتۆی نابێ. سەرباری هەموو ئەوشتانەش ئەگەر بێنی لەو کۆمەڵگایەدا ئافرەت کە خۆی نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانەنراوە و گەورە و چووکەی پێ کراوە و لە سەر پشتی بێشکە بەمێرد دراوە و ژن بە ژنی پێ کراوە و لە تۆڵەی خوێنێ دراوە و وەک چڵکاوێک بە ئاگری دوژمنایەتیی خێڵ و عەشیرەتاندا کراوە... لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت هەستێت و پێ بنێتە مەیدانی هونەرەوە بە دڵنیاییەوە گوناحەکەی دەبێتە گوناحی کەبیرە و رەجم و لەعنەتی بەدواوە دەبێ.

ئەگەر سەرنجێکی وردی بەیت و حەیرانە کوردییەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ بەشێکی زۆری ئەو بەیت و حەیرانانە دەردە دڵی ئافرەتانن. بەیتی ئایشەگوڵ و پاییزە و سوارۆ و لەشکری و هەموو ئەو حەیرانانەی بە هەیتمە حەیران یان کورەتیمە حەیران دەست پێ دەکەن، ئافرەت گوتوونی و دەردەدڵ و راز و نیازی ئافرەت و شین و شەپۆڕ و لاواندنەوە و سەردولکەی ئافرەتانن، کەچی دەنگبێژەکان پیاون و ئاوا دەست پێ دەکەن"ئەوە کیژ دەرێ/ دەڵێ"... "ئەوە ئایشە گور دەرێ..."

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ، ئەی ئایشەگور و ئەو کچەتیوە بابانوێرانەی کاتی خۆی ئەوانەی چریوە، کوا دەنگەکەی؟ باشە بۆچی لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا بەو دواییانە نەبێ، دەنگی ژنە حەیرانبێژ و گۆرانی بێژ و بەیت بێژەکانمان تۆمار نەکراون؟ و هەر بە دەگمەنیش نەماون؟ لێرەوەیە ناچارین ئاوڕ لەو کولتووره پیاوسالارانەیە بدەینەوە کە هیچ مافێکی بە ئافرەتەوە رەوا نەدیتووە و بەردەوام کپ و کڕ و بێدەنگی کردووە و خزاندوویەتە کونجی ماڵەوە و تاکەبڕیاردەر لە سەر ژیان و چارەنووسیشی هەر پیاو بووە و پیاو خودان و دیاریکەری هەموو ژیانی ئافرەت بووە. بۆیەش تەنانەت گۆرانییەکانیشی لە زمانی ئەو وەرگرتووەتەوە و ئەوەش وای کردووە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی کوردستان بە دەگمەن دەوێرن گۆرانییەک بڵێن ویستی دڵی خۆیان بێت و شیعر و هۆنراوەکەی رووی لە پیاوان بێت و بۆ پیاوان گوترابێت، بەڵکو هەر ئەو شیعر و هۆنراوانە دەڵێنەوە کە پیاوان بە سینگ و مەمک و بەرۆک و بەژن وبالا و چاو و برۆی ئافرەتەکانیاندا هەڵگوتوون.

هەموو ئەوانەی لە سەرچاوە و مەکۆ و شوێنەکانی پەرەگرتن و پەرەپێدانی بەیت و حەیرانیان کۆڵیوەتەوە هاوڕان لەسەر

ئەوەی دیوەخـانی ئاغـا و بەگەکـان شـوێنی حەوانەوە و پشـتگرتنی حەیرانبێژەکـان بـوون. بە ئـاوڕدانەوە لە سیسـتەمی دەرەبەگایەتی ئەو راستییەمان لا روون دەبێتەوە کە سیستەمی دەرەبەگـایەتی پێکهـاتەیەکی تەواو پیاوسـالارانەی هەبـووە و تێیدا تەنانەت پیاوەکانیش لە یەک ریز و پێگە و ئاستدا نەبوون و ئەوانیش بە پێی پلەکۆمەڵایەتییەکـانی ئاغـا و بەگ و ئاغـازادە و کوێخـا و گزیـر و بـاب نـۆکەر و نـۆکەر دابەش کـراون. لەوەهـا پێکهاتەیەکـدا ژن جگە لەوەی وەک ئـامرازێکی خزمەتکـردن بە پیـاو (خزمەتـی جەسـتەیی و سـەرجێیکردن و خزمەتـی شیو و کوڵ و میوان بەڕێکـردن) و منـداڵ خسـتنەوەو منداڵ بەخێوکردن رۆڵێکی دیکەی نەبووە و هیچ برِیارێکی بەدەست نەبووە. لەوەهـا پێکهاتەیەکدا کە ژن ئـاوا چەوسـاوە و ژێردەست بـووە، ئەو بـوونەوەرە چـۆن بتـوانێ دەست بـداتە ئافرانـدن؟ چـۆن بتوانێـت توانـا دەروونـی و زەینییەکـانی خـۆی بدۆزێتەوە؟

**عەلـی خـزری نووسـەر و رووناکبیری رۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە دیمانەیەکـدا لە بـارەی حەیـرانەوە ئـاوا وەڵامی دیمانەکـار جەعفەر حوسێن پوور (هێدی) دەداتەوە:**

ژنی کورد هەرچەند لەچاو ژنانی نەتەوە هاوسێیەکان سەربەستیی زیاتر بـووە، بەڵام هیچکات ئەو سەربەستییە نەگەیـوەتە ئەو رادەیە کە لە مۆسیقا دا چـالاکیی هەبـێ. ئەگەر کـوڵ و کـۆیەکی لە دەروونـدا بـووبێ، بە بیـانووی لاوانـدنەوەی منـاڵ، ئەگەر ویسـتوویەتی رەخـنە بگـرێ و رِق و کین برِێـژێ بە بـالۆرە و ئەگەر ویسـتوویەتی بە ریـتم دەروونـی لە گرفتەکـانی روحیی پاک بکاتەوە، بە ئاهەنگی مەشکەژاندن سوکنایی هاتووەتێ. ژنی کـورد زگمـاک هۆنەر بـووە. ئەوەی ئەو لە لایەلایە و بالۆرە و مەشکەژاندن و شینگێرِیی مردوو و... دا وەک هۆنراوە خوڵقانـدوویەتی، لە بـاری نـاوەرۆک و جوانیناسییەوە بـێ وێنەیە و پیاوی کورد، لە کـاری مۆسیقا دا، ئەو بـابەت و دیالێکتـانەی لە ژن وەرگرتـووە و ئەوە کە لە حەیرانـدا لە زمـان کیـژەوە دەگـوترێ، ئەمانەتـدارییەکە لە لایەن پیـاوەوە. ئەگینـا ژن، ئەویـش راسـتەوخۆ، کەی ئەو دەرفەتەی بـووە کە تواناییەکـانی خـۆی لە مۆسیقا دا، ئەویـش لە سـەردەمێکدا کە تەنـانەت بـۆ پیـاویش گـۆرانی گـوتن بە کـارێکی سـووک داندراوە، بهێنێتە مەیدانەوە؟ (خزری)

زۆر لە گەرِیدە و رۆژهەڵاتناسەکان لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە ژنـی کـورد لە چـاو ژنـی نەتەوەکـانی دیکە ئازادتر بووە و رێزی زۆر گیراوە و لە هەنـدێ مەڵبەنـد و نـاوچەی کوردسـتاندا ژن سـەرۆک هـۆز و عەشیرەتیش بـووە. خـۆی ئەوە دوور نییە لە راستییەوە بەڵام جێی تێرامـان و لێوردبـوونەوەیە کە بـۆچی لە سیستەمی ژێـر دەسەڵاتی ژنەکانیشدا ژنە گۆرانیبێژ و دەنگبێـژی ژن یـان هەڵنەکەوتـوون یـان ئەگەر هەڵـیش کەوتبێـتن، ئەوا دەنگیـان کپ کـراوە و گرنگییـان پـێ نەدراوە؟

ئاشکرایە ئافرەتە حەیرانبێژەکانمان لەبەر باری دواکەوتووی کۆمەڵ و نەبوونی ئازادی و داب و نەریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەیانتوانیوە بە سەربەستی و ئاشکرا حەیران بڵێن و دەنگی خۆیان هەڵبڕن. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ئاواز و تێکستەکانیان تۆمار نەکرێن و زۆربەی زۆری ئەو دەنگانەش بە شاراوەیی سەر بنێنەوە.

ژنە نووسەرێکی فارس بە نازناوی فلێرتیشیا سەبارەت بە ژنی هونەرمەند لە کۆمەڵگەی ئێران دا دەڵێ: ژنە هونەرمەندی ئێرانی ناچارە لە ترسی زمانی خەڵک بەردەوام بیر و هزر و حەز و خۆزگە و ئاواتەکانی سانسۆر بکا. چونکە بەردەوام بیر لەوەدەکاتەوە ئاخۆ خەڵکی چۆنی باس دەکەن و چیی پێ دەڵێن؟ ئەگەر ئەو گۆرانییەکی ئاوا بچڕێ یان جلوبەرگێکی لەو چەشنە لەبەر بکات بڵێی چۆنی باس بکەن؟ ... یەکێک لە کێشە و بەربەستە هەرە بەهێزەکانی بەردەم ژنە هونەرمەندی ئێرانی پابەندبوون بە بنەماکانی بنەماڵەکەیەوە بووە. چونکە بەردەوام ترسی ئەوەی لە دڵدا بووە نەکەوێتە بەر پرسیار و هەڕەشەی ئەندامانی بنەماڵەکەیەوە کە ئەوانیش خۆیان لەبەر کاریگەریی کۆمەڵگاکەیاندا بوون. بەڵام هونەرمەندێکی پیاو لەو کێشانەی نەبووە یان ئەگەر هەشیبووبێ، ئەوە زۆر کەمتر بوون. (فلێرتیشیا)

ئەوە قسەی ژنە نووسەرێکی فارسە. لەکەس شاراوە نییە کە فارسەکان سەبارەت بە مەسەلەی ژن و تێڕوانینەکانیان لە ژن و مافەکانی ژن، نەرم و نیانترن لە ئێمەی کورد. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی لە مێژینەی خوێندەوارییەکەیان. بەڵام دەبینین لە نێو گەلی فارسیشدا وەها مەسەلەیەک لەگۆڕێدایە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان تابۆی بەردەم ژنانن و ئەوە ژنەکانن بە خۆپەروەردەکردن و خۆ پێگەیاندن و قوربانیدان دەبێ ئەو بڤە و تابۆیانە بشکێنن. بەو پێیە لە نێو گەلی کورددا کە گەلێکی تا سەر ئێسقان خێڵەکی بووە و نەخوێندەواری بەهۆکاری جۆراوجۆر زۆر درەنگتر لە گەلانی دیکە کوردستانی تەنیوەتەوە، ئەو کێشە و گرفتانە ئاڵۆزتر و قووڵتر بوون. لەوەها کۆمەڵگایەکدا بەو هەمووە گرفت و کۆسپ و لەمپەرەوە، دەبێ ژنە حەیرانبێژی کورد چۆن ژیابێت و چەندەی ڕێز لێ گیرابێت؟

لێرەوە دەبێ بچینە سەر باسی ژیان و بەسەرهاتی مەنیج حەیران بۆ ئەوەی باشتر ئەو ڕاستییەمان بۆ روون بێتەوە:

### ژیان و بەسەرهاتی مەنیج حەیران لە ئاوێنەی یادەوەرییەکاندا

وەک لە پێشەکیی ئەم باسەدا ئاماژەمان پێ دا، بەداخەوە مەنیج حەیران بەڵگە و دیکۆمێنت و شوێنەوارێکی لە دەنگ و هونەرەکەی لێ نەماوەتەوە و ئەویش وەک هەموو ژنە هونەرمەندەکانی سەردەمی خۆی بە هەناسەساردی سەری ناوەتەوە. جێگەی داختر ئەوەیە کە هەتا ئەم دواییانەش ئاوڕێک لە ژیانی ئەو هونەرمەندە نەدراوەتەوە تا سەید محەممەد سەمەدی و ئەنوەری سوڵتانی لێرە و لەوێ کۆمەڵێک باسیان لەو پەیوەندییەدا وروژاند و سەید محەممەد سەمەدی وەک لەو وتارەیدا

باسی دەکات لە کتێبی "ئاورێک وەسەر مێژووی مەهاباد" دا کورتە ئاورێکیشی لە ژیانی مەنیج حەیران داوەتەوە بەڵام وەک بۆخۆی لەو وتارەدا دەڵێ لەوێ زانیارییەکانی کورت و کرچ و کاڵ بوون: ناوبراو لە ژمارەی ١٠٥ گۆڤاری مەهاباددا دەڵێ: لە کتێبی «ئاورێک وە سەر مێژووی مەهاباد»دا، کاتی خۆی ئاماژەیەکی کورتی ژیانی مەنیج حەیرانم کرد، هەر چەند زانیارییەکە کەم بوو، بەڵام پێم حەیف بوو لە مێژووی مەهابادا، ئەگەر زۆر بە کورتییش بووبێ، باسێک لەو ژنە هونەرمەندە نەکرێ.(صمدی، ١٩٩٤: ل ٣٧٩)

پاشان کاک هاشمی سەلیمی لە وتارێکدا تیشکێکی تری خستە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە. بە لوتف و دڵفراوانیی دۆستی بەڕێزم کاک ئەییووب خاجەوی، بەرپرسی ئیدارەی ئەوقافی شاری مەهاباد، توانیم دەستم وە چەند بەڵگەیەکی بەنرخ ڕابگا کە پێوەندییان بە ژیانی ئەو خاتوونە هونەرمەندەوە هەیە. سپاسی ئەو برا خۆشەویستە دەکەم و وە بیر دێنمەوە کە بەڕێزیان لە ڕێگەی ڕێکوپێک کردنی بەڵگەنامەکان و پێشینەی ئەوقافی شاری مەهاباد، خزمەتێکی گرینگی بە ساغکردنەوەی مێژووی ئەم ناوچەیە کردووە، کە لە داهاتوودا ئەم کارەی بەڕێزیان ڕووناکییەکی زۆر دەخاتە سەر لایەنە تاریک و شاراوەکانی مێژوومان. ئەم خزمەتەیان شایستەی سپاس و پێزانینە و هیوادارم وێنەیان زۆر بێ.(سەلیمی، ٢٠٠٦: ل ٣٨)

دیارە ئەوەی لەسەر ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و کەند و کۆسپی کۆمەڵایەتیی هونەرمەندەکان باسمان کرد هەر تایبەت بە ژنان نەبووە بەڵکو ئەو بەڵایە داوێنی پیاوە هونەرمەندەکانیشی گرتووەتەوە. لە سەرەتای باسەکەشدا ئاماژەم بە کۆمەڵە ناو و ناتۆرەیەکی پڕ لە سووکایەتی کرد کە داویاننەتە پاڵ هونەرمەندەکان. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکی دیکە و دەتوانین بڵێین هۆکاری هەرە سەرەکیی بزربوون و نەمانی ئەو دەنگانە، نەبوونی ئامێری دەنگ هەڵگرتنەوە بووە. چونکە ئەوەی دەنگی ون بووە هەر مەنیج حەیرانەکان نین، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە دەنگخۆش و هونەرمەندەکانیش هیچ شتێکیان لە پاش بەجێ نەماوە. با لێرەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی سەید محەمەد سەمەدی ئاورێکیش لە ژینگە و ژیانی مەنیج حەیران بدەینەوە:

لە دانیشتنی دۆستانەی ڕۆژی چوارشەممۆ، ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ (٢٠٠٩) لە ئیدارەی ئەوقافی مەهاباد، بۆم دەرکەوت کە خاتوو مەنیج حەیران خانووبەرەی خۆی کردووەتە وەقفی «خانەقای شێخ حیسامەددین» و «مزگەوتی حاجی ئەحمەدی لەشکری» کە هەر دوو بینا لە شاری مەهاباد و لە حەوشەیەکدا هەڵکەوتوون. ئەو خانوویە بەرهەمی ژیانی پەنجا ساڵەی مەنیج حەیران بووە کە لە گەڕەکی پشتقەڵا و نزیک شەقامی «جامی جەم»ی ئێستا هەڵکەوتبوو. وەقفنامەکە لە سێیەمین ڕۆژی مانگی ڕەشەمەی ١٣٣٢ (١٩٥٢)ی هەتاوی نووسراوە، کە مەنیج حەیرانیش لە بانەمەڕی هەمان ساڵدا، لە تەمەنی

پەنجاساڵی، کۆچی دوایی کردووە، واتە وەقفنامەکە دە مانگ دوای مەرگی مەنیج حەیران نووسراوە. لەم بەڵگەنامەیەدا، کاک عەلی سوڵتانی، خوشکەزای مەنیج حەیران، وەسیّتی پووری بەجێهێناوە و کاروباری مەوقووفەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. مەنیج حەیران کە بە سجیل ناوی «مەنیجە دەفی»یە، ٢١ی گەلاوێژی ساڵی ١٢٨٢ (١٩٠٣)ی هەتاوی، لە گوندی «قەمتەرە»ی نێوان مەهاباد و بۆکان لە دایک بووە و لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٣٢(١٩٥٢) لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووە. خوشکێکی بووە بە ناوی «خەجیج»، کە کاک عەلی سوڵتانی کوڕی ئەو خەجیجەیە و تەنیا میراتگری مەنیج حەیران بووە. «عەلی» کوڕی «خەلیلی سوڵتانی» و هەر دوو دانیشتووی مەهاباد بوون. لە کەوتنە پێوشوێنی کاک عەلی و بنەماڵەی ئەم «سوڵتانی»یە ، لە ڕێگەی لوتف و یارمەتیی دۆستانی بەڕێزم، کاک قاسم ئەڵڵاوەیسی و جەنابی حاجی کەریم کەریمزادە و جەنابی سەید محەممەدئەمینی قادری موکری، کە هەر سێ کەس مەنیج حەیرانیان دیوە، ئاگادار بووم کاک خەلیلی سوڵتانی کە لە مەهاباد بە «خەلیلی قاچاخچی» و «خەلیلی مەنیج حەیرانێ» ناسراوە، دوو ژنی هەبووە، یەکیان خات خەجیجی خوشکی مەنیج حەیران، کە دەبێتە دایکی ئەم «عەلی»یە. عەلی مامۆستای خوێندنگە بووە و بەر لەوەی ژن و ماڵ پێکەوە بنی، کۆچی دوایی کردووە. لە ژنەکەی تریشی تاکە کچێکی هەبووە کە ئێستا لە ژیاندایە، بەڵام ماڵی لە مەهاباد نیە. بە وتەی بەساڵاچووانی مەهاباد کە مەنیج حەیرانیان لە نزیکەوە دیوە، ئەو خاتوونە هونەرمەندە لە ناو کۆمەڵی ئەو سەردەمی مەهابادا ڕێزی تایبەتی هەبووە و خەڵک خۆشیان ویستووە. هەرچەند لە کۆمەڵی بچووک و بەستراوی، ئەو سەردەمدا، گۆرانی گوتن و دەفە لێدان و داوەت گێڕان، بەتایبەت بۆ ئافرەت کارێکی ناپەسند بووە، بەڵام کەسایەتی و هەڵسوکەوتی مەنیج حەیران بە چەشنێک بووە کە کەس بە چاوی سووک تەماشای نەکردووە. لەگەڵ زۆربەی پیاوانی سابڵاغ دۆستایەتی بووە و بە ناوی بچووک بانگی کردوون. بەرگ و لیباسی گرانبایی و نائاسایی دەبەر نەکردووە و شێوەی جلوبەرگەکەی ساکار، خاوێن و تایبەت بەخۆی بووە. ئەو کەسانەی لە مەجلیسی مەنیج حەیراندا حوزووریان بووە و ئێستا لە ژیاندان، دەڵێن: دەنگی هەندێ گڕ و بە گوێ خۆش نەبوو، بەڵام بەسەر هەواکاندا زۆر زاڵ بوو. ئەوپەڕی شارەزایی و هونەری خۆی لە گۆرانیی «ئای حەریرە و ئاگر بارانە»دا نیشان دەدا. گرووپی وی پتر ئەو سێ کەسە بوون: برایم هەڵلامە، کە خۆی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و ڕێزدار بوو، قادر ناوێک کە شارەزای ئەو ئامێرانە بوو کە بە فوو لێدەدرێن و ڕەحمانە گۆج کە ئوستادی تەپڵ بوو.

بەڵام سەبارەت بە ژیانی مەنیج حەیران لە ژمارەی ١٠٦ی گۆڤاری مەهابادا کاک ئەنوەری سوڵتانی نووسیویتی:

### چەند زانیارییەکی نوێ سەبارەت بە مەنیج حەیران

وتاری ڕێزدار سەید محەممەدی سەمەدی سەبارەت بە هونەرمەندی گەورەی موکریان مەنیج حەیران، کە لە ژمارەی ١٠٥ی

گۆڤاری مەهابادا بڵاوکرایەوە، چەند ڕاستییەکی بە بەڵگەی لەمەڕ ئەو هونەرمەندە ئاشکرا کرد و هەوڵێک بوو بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێک لە مێژوویەکی نادیاری هونەری مۆسیقا لە موکریان.

وتارەکە، سەبارەت بە شوێنی ژیان یا لەدایکبوونی مەنیج حەیران بابەتێکی بە بەڵگەی خستە ڕوو و ئەویش کێشەی خەڵکی "قەمتەرە" بوونی مەنیج حەیرانە. من لەگەڵ نووسەردام کە مەنیج حەیران خەڵکی گوندی "ڕەحیم خان" نەبووبێ، وەک لە بیرەوەرییەکانی دایکم "ئامینە محەممەدیان"دا باسی لێوە کراوە(ژمارە 37ی گۆڤاری گزینگ، سوئێد، زستانی ۲۰۰۳، لاپەڕە ۳۸). هۆکارەکەشی دەبێ ئەوە بێ کە دایکم شارەزاییەکی زۆری لەمەڕ گوندەکانی ناوچە نەبوو، هەروەها ساڵانێکی زۆر بە سەر مەسەلەکەدا تێپەڕ ببوو و ئاشکرایە لە مەودایەکی وا دووری زەمەنیدا تاک نەتوانێ سەرەهەودای ڕووداوەکان بە باشی بە یەکەوە ببەستێتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ۱ - ۱ - ۲۰۱۰ لەسەر هەمان بابەت بە تەلەفون قسەم لەگەڵ ڕێزدار جەعفەر قزڵجی کرد، کە مامۆستای خانەنشینە و لە بۆکان دەژی*. کاک جەعفەر لە پێوەندیی باسەکەدا هەندێک زانیاریی پێدام و داوای لێکردم وتەکانی ئەو بە خوێنەرانی گۆڤاری مەهاباد ڕابگەیێنم. بۆچوونەکانی کاک جەعفەر جێگەی سەرنجی تایبەتن، بەڵام لە ناو قسەکانیدا مەسەلەی ناوی گوندەکەی مەنیج حەیران قووڵتر دەبێتەوە، بە وەی ناوبراو گوندێکی سێهەم وەک شوێنی لەدایکبوونی مەنیج حەیران دەست نیشان دەکا. من بە بێ ئەوەی بۆچوونی خۆم سەبارەت بە لایەنێکی مەسەلەکە دەرببڕم لێرەدا عەینی قسەکانی کاک جەعفەر دەنووسمەوە و هیوادارم سوود بەخش بن و لە عەینی کاتدا، بە دابی ئەمڕۆی ڕووناکبیرانی کورد نەبنە هۆی قسە بەشەڕدان و یەکتر پووچاندنەوە و بە پێچەوانە، بۆ نووسینی ڕاستییەکانی مێژووی نوێی کوردستان کەڵکیان لێ وەربگیرێ. ئەوە کورتەی قسەکانی کاک جەعفەری قزڵجییە لە سەر تەلەفون، کە من یادداشتم کردوون:

١- مەنیج حەیران لە گوندی "ئۆینەچی" لە دایک بووە و بە منداڵی ماڵیان چۆتە گوندی "جامەرد". ئەو گوندانە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و کەوشەنیان لێک دەگەڕێتەوە.

٢- مەنیج حەیران لە جامەردەوە هاتۆتە بۆکان و ئەوەی کە ئامینەخانم گوتوویەتی ڕاستە و هاتۆتە ماڵی ئێمە و دایە سەیدم فتوای بۆ نەداوە ببێتە گۆرانیبێژ و پێی گوتووە بچێ بۆ سابلاغ.

٣- من (واتە کاک جەعفەر)، مەنیج حەیرانم زۆر دیتبوو، هەم لە بۆکان لە ماڵی خۆمان، هەم لە مەهاباد لە ماڵی "سەیدی"یەکان (کە دایک برای دایکمن.(

٤- ئەو وێنەیەی وا لە گۆڤاری مەهاباد (ژمارە ۱۰۵)دا بڵاو بووەوە بە دڵنیاییی هی مەنیج حەیران نییە. ئەو، کراس و شەڵواری دەبەر دەکردن و جلیسقەیەکی وەک کڵۆنجەشی بەسەردا دەبەر دەکرد.

٥- مەنیج حەیران کچی مام ڕەشید ناوێک و ئامۆزای دادامین (ئامینە کەیفە)ی دایکی حەسەن زیرەک بوو، واتە حەسەن زیرەک دەبێتە بن ئامۆزای مەنیج حەیران.

بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم خاڵە تایبەتە، قسەم لەگەڵ ڕێزدار حاجی حوسەین زیرەک، برای حەسەن زیرەک، کرد کە ئێستا لە بۆکان دەژی و ئەویش بە ڕاشکاوییەوە گوتی "بەڵێ دایکم و مەنیج حەیران ئامۆزای یەکتر بوون."

ئەوە، سەرجەمی قسەکانی کاک جەعفەر قزڵجی بوو و من لە سەر ئیجازەی خۆی و بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی گۆڤاری مەهاباد ڕامگەیاندن. بۆچوونەکانی کاک جەعفەر ئەگەر کێشەی گوندی مەنیج حەیران یەکلایی نەکەنەوە، لای کەم ڕاستییەکی گرنگمان بۆ دەردەخەن، ئەویش پەیوەندیی خزمایەتی مەنیج حەیران لەگەڵ حەسەن زیرەکە. لام وایە خزمی دوور و نزیکی مەنیج حەیران یا خود دانیشتووانی بەساڵاچووی قەمتەرە و جامەرد بتوانن لەم پێوەندییەدا بابەتی ڕوونکەرەوەیان هەبێ و وا هەیە زانیاریی ئەوان سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی ئەو هونەرمەندە ڕچەشکێنە و پێوەندیی ئەو و حەسەن زیرەکیش یەکلاکەرەوە بن. بەڵام من هیچ زانیارییەکم لەو بابەتانەوە نییە و لێرە بەدواوە خۆم لە باسەکە دەکێشمەوە و دایدەنێم بۆ شارەزایان و ئەو ئیحتیمالەی کە لە داهاتوودا بەڵگەی تازەتر لە سەر مەسەلەکە دەربکەوێ.

٢- ١- ٢٠١٠

ئەنوەر سوڵتانی - لەندەن

بەڵام گۆڤاری مەهابادیش لەو نێوەدا بێ دەنگ نییە و لە نێوان هەر دوو نووسەر و ڕووناکبیر سەید محەمەد سەمەدی و ئەنوەری سوڵتانیدا دەکەوێتە داوەریکردن و لە پەراوێزی وتارەکەی کاک ئەنوەردا وەک تێبینی دەنووسێ:

تێبینیی گۆڤاری"مەهاباد" سەبارەت بە خاڵی ١ و ٤:

بە پێی بەڵگەکانی ئیدارەی ئەوقاف و سەبتی ئەحواڵی مەهاباد دەرکەوتووە کە مەنیج حەیران لە گوندی "قەمتەرە" لە دایک بووە، ئیدی پاشان چووبێتە کوێ و لە کوێ ژیابێ پێوەندیی بە باسی شوێنی لە دایکبوونیەوە نییە. کاک جەعفەر بە پێی چ بەڵگەیەک دەڵێ مەنیج حەیران لە گوندی "ئۆینەچی" لە دایک بووە؟

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە ژمارە ١٠٥ی "مەهاباد"دا بڵاو بوونەوە مەنیج حەیران مریدی "شێخ حیسامەددین" بووە. وێدەچێ کاتێک چووبێ بۆ زیارەتی "شێخ"، جلوبەرگی ئەو ناوچەیەی دەبەر کردبێ. دروست نییە هەر لەبەر شێوەی جلوبەرگ ئاوا بە دڵنیاییەوە بگوترێ ئەوە مەنیج حەیران نییە.

خاڵەکانی دیکە جێی سەرنجن و پێویستە بۆ ڕوون بوونەوەی ژیاننامەی مەنیج حەیران بکرێنە بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی وردتر. ئێمە چاوەڕوان بووین شێوە و ڕووخساری مەنیج حەیران بکەوێتە بەر سەرنج نەک جلوبەرگی.

ئەوەی ڕاستییە دەکرێ هەر پشت بە بەڵگەکان ببەستین و بەو پێیەی سەید محەممەد سەمەدی دەستی بەو بەڵگانە ڕاگەیشتووە کە دایرەی ڕەگەزنامەی مەهاباد خستوویەتە بەر دەستی، هەتا بەڵگەیەک نەبێ کە بەڵگەکانی سەمەدی ڕەد بکاتەوە، هەر دەبێ پشت بەو ببەستین و ئەو پشتڕاست بکەینەوە.

### دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکان بە کوردی

**دەقی بەڵگەنامەی مەوقووفەکە، دوو لاپەڕەی فارسییە، کە وێنەی هەر دوو لاپەڕەم کردووەتە پەیوەستی ئەم وتارە و وەرگێڕاویان بە کوردی ئاوایە:**

**بەڵگەنامەی یەکەم:**

لەبەرنووسراوەی بەڵگەی وەقفنامەی ژمارە ٦٢١٢/٦٢٠٥ - ١٢/٣ - ١٣٣٢ لە نێوان ئاغای عەلی سوڵتانی و مزگەوتی حاجی ئەحمەد و خانەقای شێخ حیسامەددین، کە نوور لە قەبری ببارێ.

لە بەرواری ژێروو، ئاغای عەلی سوڵتانی، کاسبکار، خاوەن ناسنامەی ژمارە ١٦٣ی دەرچوو لە مەهاباد، کوڕی خەلیل، دانیشتووی مەهاباد، لە خانووی پلاک ٢٢١٧، تاکە میراتگری مەنیجە دەفی، بە پێی شایەتنامەی پاوانکردنی میرات بە ژمارە ١٩٦ـ ١٠ - ١٠ - ١٣٣٢ی دادگای مەهاباد، لەم دەفتەرخانەیەدا حازر بوون و لە دۆخی تەندرووستی و سڵامەتیی لەشیدا کە سەرجەم دانپێداهێنانەکان و گۆڕانکارییەکانی شەرعی لە لایەن وییەوە لواو و سەلمێنراو بوو، بەبێ نابەدڵی و زۆری، بە ئەوپەڕی ڕازی بوون و حەز و ویستی خۆی، بەروبووی چوار دانگی بەشنەکراو لە شەش دانگ (دوو دانگی جیا و بەشکراو)ی دەستێک خانووبەرەی خاوەن پلاکی دووی فەرعی، سەر بە ٧٩٧، لەگەڵ هەشت بەشی جیانەکراوە لە دوازدە بەشی سەر بە سیوشەش بەشی شەش دانگ، گۆڕەپانی دەستێک خانووبەرەی پلاک ٧٩٧، کە هەشت بەشی پێشتر باسکراو، پشکی عەلیی ناوبراوە لە گۆڕەپانی خانووی ژمارە ٧٩٧ی هەڵکەوتوو لە شاری مەهاباد، کە سنوور و پێناسەکانی بەرامبەرە لەگەڵ دۆسیەی پێوەندیدار بەم بابەتە، کە لە ئیدارەی سەبتی شارستانی مەهاباد هەڵگیراوە، لە ڕێگەی خوا و بۆ هەتا هەتا کرایە وەقفی خانەقای حەزرەتی شێخ حیسامەددین، نوور لە قەبری ببارێ و مزگەوتی حاجی ئەحمەد بە نیوەیی، کە هەر دوو هەڵکەوتوون لە شەقامی پەهلەوی، ڕووبەڕووی شارەوانیی مەهاباد، داهاتی ئەو خانووبەرەیە بە



سەرچاوە
Serchawe

چەشنی بەرامبەر بکرێتە خەرجی ئاوەدانی و پێداویستییەکانی خانەقا و مزگەوتی باسکراو. لەم بەرەوارە بە دواوە مافی هەر چەشنە پێوەندی و خاوەنیەتی و هەروەها دەستتێوەردان و گۆڕانکاری ئەو موڵکەی لە خۆ وەرگرتووەتەوە و ئاغای مستەفا برینجی بە ناسنامەی ژمارە ٤٨١٠ی دەرچوو لە مەهاباد کوڕی خوالێخۆشبوو ڕەسووڵ، دانیشتووی مەهاباد، بوو بە بەرپرسی مەوقووفەکە و لێپرسراوی کاروباری خانەقا و مزگەوتەکە و بە پێی نامەی ژمارە ١٧٧٧ـ ١٢ - ١١ - ١٣٣٢ی (١٩٥٢) ئیدارەی ئەوقافی شارستانی مەهاباد موڵکەکەی تەحویل وەرگرت و ڕێوڕەسمە ئاساییەکانی بە ئەنجام گەیاند و بەڵگەنامەی ئیمزا کرد.

لە ڕێکەوتی سێیەم ڕۆژی ڕەشەمەی ١٣٣٢ی هەتاوی بەرامبەر هەژدەی جیمادیوسانی ١٣٧٣ی کۆچی، جێگە ئیمزای سوڵتانی، شوێنی قامکی شادەی دەستی ڕاستی مستەفا، کە ئەمانە دەبنە بەڵگەی دروست بوونی هەموو ئەو دێڕانەی لە سەرەوە نووسراون. لە مێژووی نووسرانی ئەم دەقەدا، ئەم کارانە لە لای من بە ئەنجام گەیشتن. سەید محەممەد ڕەئووفی قازیی موکری. ئەم لەبەر نووسراوەیە دەقاودەقی خودی بەڵگەنامە بنەڕەتییەکەیە. مۆری دەفتەرخانەی ژمارە ٣ی مەهاباد.

خێرەوەمەند: خاتوو مەنیجە دەفی(مەنیج حەیران)

وەبرەوخەر: عەلی سوڵتانی، خوشکەزا و تاکە میراتگری مەنیج حەیران

### بەڵگەنامەی دووهەم:

لە بابەت وەسێت و وەقفی خاتوو مەنیجە دەفی، ناسراو بە مەنیج حەیران، کە لە نێوان ئیدارەی ئەوقاف و میراتگری خاتوو مەنیجە ناکۆکییەک لەسەر چەندێتی و چۆنیەتیی مەوقووفەکە پێکهاتبوو، دوای گۆڕینەوەی بیروڕا و لێکۆڵینەوەی پێویست، میراتگر کە تاکە خوشکەزایەکە بە ناوی عەلی سوڵتانی، کاسبکار، بە ژمارە ناسنامەی ١٦٣ی دەرچوو لە مەهاباد، کوڕی ئاغای خەلیل، بڕیاەوە کە ئەوەی وەقف کراوە بریتییە لە چوار دانگ خانووبەرەی پلاک ٧٩٧ی مەهاباد و جگە لەمە هیچ شوێنێکی تر لە لایەن خوالێخۆشبوو خاتوو مەنیجەوە وەقف نەکراوە. چونکە ئاغای عەلی ناوبراو بەڵێنی دا پێنج هەزار قڕانیش لە بابەت کەڵکوەرگرتنی (تا ئێستای) لەو چوار دانگە، بدا بە خانەقا و مزگەوتی مەوقووفەپێدراو، ئیدارەی ئەوقاف داوخوازیی میراتگری سەلماند و دووی کارەکەی نەگرت. سا عەلی ناوبراو وە ئەستۆی گرت کە لە دوای جێبەجێ بوونی پاوان کردنی میرات و نووسرانی بەڵگەنامە و وەقفنامەی ڕەسمی، هەر ئەو چوار دانگە بە نێو مزگەوتی حاجی ئەحمەد و خانەقای شێخ حیسامەددین بکا و هەروەها وە ئەستۆی گرت کە پێنج هەزار قڕان تاوانەکەش لە بەرامبەر ڕەسیددا بدا بە بەرپرسانی ئەوقافی مزگەوت و خانەقای باسکراو تا خەرجی ئاوەدانی بکرێ و ئەگەر هاتو لە بەڵێنی لایدا ئەشێ حەوت هەزار تمەن بدا بە ئیدارەی ئەوقاف. ئاغای خەلیل سوڵتانی، کاسبکار، خاوەن ناسنامەی ژمارە ٩٠٧٧ی مەهاباد، هەر بە هۆی ئەم بەڵگەنامەیەی حازرییەوە دەستەبەری لە بەڵێنییەکانی میرزا عەلی

کردووە. هەروەها ئەگەر لە دواییدا میراتگرێکی جگە لەمەی ئێستا پەیدا بوو، خودی ئاغای خەلیلی ناوبراو بەرپرسە و دەبێ وەڵامدەرەوەی ئەو کەسە بێ.
مەلا عەبدوڵڵا مودەڕڕیسی/ مەلا محەممەد لاهیجانی/ مەلا سەید هاشمی حوسێنی/ مەلا عەزیزی تەئیید/ عەلی سوڵتانی، میراتگر/ خەلیل سوڵتانی، باوکی میراتگر/ مستەفای برینجی، لێپرسراوی مزگەوت/ کەفیلی ئیدارەی ئەوقافی شارستانی مەهاباد، لەشکری.

هونەرمەندی کورد خاوەنی دڵێکی گەورە بووە. لەگەڵ ئەوەدا ڕەنگ بێ بەدەم ساردی و گەرمیی ڕۆژگارەوە زۆری ناڵاندبێ و گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتیشی تووش بووبێ، بەڵام هونەرمەندی کورد ئەگەر بە ڕەهایی نەڵێین هەر هەموویان دەکرێ وەباڵیان بۆ بکێشین کە زۆربەی هەرە زۆریان گەل خۆشەویست و مرۆڤدۆست بوون. ئەوەتا هونەرمەندێکی وەک مەنیج حەیران وەسیەت دەکات پاش مەرگی، هەرچی لە پاشی بەجێ دەمێنێت بە وەقف و خێر بدرێتە مزگەوت، بۆ ئەوەی خێرێکی بۆ خەڵکی خودا تێدا بێ. چونکە لە مزگەوتەکانی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک دەگێڕنەوە جگە لەوەی مزگەوت پەناگەی ڕێبوار و لێقەوماوانیش بووە، زۆرجاران ژینگە و پێگەیەکی لەبار بووە بۆ پەروەردەی فەقێ و خوێندەواران. جگەلەو بەڵگەنامانەی سەید محەممەد سەمەدی دەستی پێیان ڕاگەیشتووە دیارە بەڵگەنامەی دیکەش هەبوون بەڵام وا دیارە سەید محەممەد نەیتوانیوە وەریان بگرێت:

جگە لەم بەڵگەنامەیە، هەندێ نامە و بەڵگەی تریش لەسەر مەوقووفەکەی خاتوو مەنیج حەیران هەن کە لە ئیدارەی ئەوقافی مەهاباد پارێزراون. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە ژیان و ناساندنی پتری مەنیج حەیرانەوە هەبوو هەر ئەم دوو بەڵگەنامەیەی سەروو بوو. ئەم بەڵگانە لەو ڕوانگەیەوە گرینگن کە ژنە گۆرانیبێژێکی دەستەنگ و هەژار، خاوەن دڵێکی وەها گەورە و دەوڵەمەند بووە کە سەرجەمی سامان و دارایی خۆی، کە بریتی بووە لە چوار دیواری خانووبەرەیەک، بە مەوقووفە داوە. سوودی ئەو چەشنە مەوقووفانە تەنیا بۆ مزگەوت نەبووە، بەڵکوو بە پێی ڕێوڕەسمی ئەو سەردەم، هەر کەس لە بڵیند و نەویی ڕۆژگاردا تووشی گرفتێک هاتبێ، لە یەکەم هەنگاودا پەنای بۆ مزگەوت بردووە. نەخۆش، قەرزدار، داماو بۆ چارەی دەردی خۆیان ڕوویان لە مزگەوت کردووە و مزگەوتیش هەر بە هۆی داهاتی ئەو مەوقووفانە دەستگری کردوون. کەسانێک کە وە دوای خوێندن کەوتوون بەڵام توانایی ماڵییان نەبووە، هەر لەسەر ئەرکی ئەو مەوقووفاتە درێژەیان بە خوێندن داوە. تەنانەت وشتری مەوقووفەش تایبەت بووە بەو کەسانەی کە سەفەریان لەبەر بووە و خەرجی کاروانیان نەبووە. کەوایە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە ئەرک و سوودی مەوقووفەکان، گرینگی و گەورەیی کارەکەی مەنیج حەیرانمان پتر بۆ دەردەکەوێ.



سەرچاوە Serchawe

شیاوی باسە کە لە پێشینەی ئیدارەی ئەوقافی مەهاباددا بەڵگەنامەی وەقفی مەزهەبەکانی تری ئیسلام و دینەکانی تریش هەیە، بۆ نموونە: یای قەنداو قارەمانی، دانیشتووی گەڕەکی وێنەتانی شاری مەهاباد، بە پێی مەزهەبی خۆی، کە شیعە بووە، شەش دانگی خانووبەرەکەی خۆی کردووەتە وەقفی مزگەوتی حوسێنییەی مەهاباد. یای زارا گەوریلی، ناسراو بە زارا شەل، لە جوولەکەکانی مەهاباد، خانووبەرەی خۆی کردووەتە وەقفی کەنشتەی مەهاباد. شوێنی ئەو کەنشتەیە کە هەتا دەیەی پەنجای هەتاوی (حەفتاکانی زایینی) هەر مابوو، کووچەی پشت شۆعبەی ناوەندیی بانکی سپەی ئێستا بوو، کە بەداخەوە مەعلووم نەبوو چلۆن ئاسەواری بڕا و جێگاکەی بووبە خانوو! هەروەها کلیسای مەهابادیش کە لە دوای ڕووخانی بە هۆی سێلاوی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی (١٩٣٦ی زایینی) ئیدی ساز نەکرایەوە، مەوقووفاتی هەبووە. جگە لەو کەنشتە و کلیسایە، مزگەوتێکیش لە مابەینی بانکی سپە و دەفتەری ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێستا، واتە سەر چەقی شەقامی تاڵەقانی و نزیک بە مەیدانی چوارچرا، بە ناوی مزگەوتی «پیرئەلیاس» هەبووە کە پێشینە و بەڵگەنامەکانی ئەو شوێنەش لە ئیدارەی ئەوقاف دەدۆزرێنەوە. ئەو سێ پەرستنگایە کە هەر کام سەر بە ئایینێک بوون، ئێستا لەناوچوون.

### مامۆستا هێمن لە توحفەی موزەفەرییەدا ئاوا باسی مەنیج حەیران دەکات

....مەنیج حەیران و زڵەخا چوختیش دوو ژنی بێباک بوون کە دەفەیان لێدەدا و گۆرانی داوەتیان دەگوت و شایەری شایی بوون و هیچ لە پیاوەکانی ئاواڵیان نەدەمانەوە، بەتایبەتی مەنیج کە خەڵکی سابلاغ و لە خێرانێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ بوو و بۆ خاتری هونەرەکەی دەستی لە خزمەکانی هەڵگرتبوو.(ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ل ١٦)

لە بەشی کەندوکۆسپەکانی بەردەم هونەرمەندی کورددا باسم لە ڕوانگەی پڕ لە سووکایەتیی خەڵکی ڕەشۆکی کوردستان کرد کە چۆن بە سووک لێیان ڕوانیون و زۆر جاران تڕۆیان کردوون. ڕەنگ بێ ئەو بیرەوەرییەی لێرەدا دەیخەمە ڕوو باشترین بەڵگەبێ بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانم:

### بیرەوەریی دایکی ئەنوەر سوڵتانی

منداڵێکی تەمەن ٩ - ١٠ ساڵان بووم. ماڵمان لەسەر گۆلی مەردانبەگ بوو، لە نیزیک حەوزە گەورەی بۆکان و دراوسێی ماڵمان لە دوو لاوە بنەماڵەی بەڕێز قزڵجی بوون. دایکی قازیی کاکەحەمە ژنێکی نوورانیی جێگەی ڕێزی خەڵک بوو لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل و لە نێو خەڵکدا بە سەیزادەی گەورە ناو دەبرا. من ئەودەم لای سەیزادەی گەورە دەرسی قورعانم دەخوێند. ژنێک لە ماڵی سەیزادەی گەورە وەک کارەکەر ئیشی دەکرد کە لە عەینی کاتدا دایەنی یەکێک لە کوڕەکانی قازیی کاکەحەمە بوو و ئێستا بە ناوی کاک «جەعفەر قزڵجی»یەوە دەناسرێ. ئەو ژنەش ناوی «خانم جان»



سەرچاوە
Serchawe

بوو بە «خات خانم جان» بانگ دەکرا. تا ئەو ساڵانەی دواییش هەر مابوو. ژنێکی ڕەزاسووک و بەڕێز و حەیابەخۆ بوو، کە هەموو کەس خۆشی دەویست، مێردیشی نەبوو. خات خانم جان دەنگی خۆش بوو، جاروبار لە مەجلیسی خانمەکاندا گۆرانی دەگوت، بەڵام هەرگیز لای پیاوان گۆرانی نەگوت. خانم جان خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» بوو لە نیزیک میاندواو و لەوێوە هاتبووە بۆکان. بە هۆی دراوسێتییەوە من ڕۆژانە خات خانم جانم دەبینی.

ڕۆژێکیان خۆشکێکی خات خانم جان لە ڕەحیمخانەوە هاتبووە بۆکان و من لە خزمەت سەیزادەی گەورەدا بووم بۆ دەرس خوێندن، کە خوشکەکەی خات خانم جان هاتە خزمەت سەیزادە و عەرزی کرد قوربان دەمەوێ بچم لە شایییەکاندا گۆرانی بڵێم، چ دەفەرمووی؟ سەیزادە گەورە پێی تێکچوو و فەرمووی: مەنیج! بۆکان جێگەی ئەو کارانە نیە، ئەگەر دەتەوێ گۆرانی بڵێی برۆ بۆ سابلاغ!

ئەو دەم بۆکان شارەدێیەک زیاتر نەبوو و ژیان تێیدا وەک ژیانی دێهات دەچوو، لە کاتێکدا سابلاغ لە چاو بۆکان شارێکی گەورە بوو و وا هەبوو ئەو چەشنە دیاردانە تێیدا عەیب نەبێ، یا خود کەمتر عەیب بێ. ئیتر من خات مەنیجم نەدیتەوە، بەڵام بیستم کە چووە بۆ سابلاغ. چەند ساڵ دواتر باوکم، حاجی برایم سەقزی، نێوانی لەگەڵ سەردار عەلیخانی سەرداری موکری، کە دوایین سەرداری بۆکان بوو، تێکچوو و بە تۆراوی ماڵی پێچایەوە و ڕووی کردە سابلاغ. ئێمە بۆ ماوەیەک لەوێ دەژیاین هەتا سەردار ناردی بە شوێن باوکمدا و دڵنەوایی کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆکان.

لەو ماوەیەدا کە لە سابلاغ بووین، ڕۆژێکیان لە حەوشە مەشکەمان دەژەند، کەسێک لە دەرگای ماڵمانی دا، ئێمە لەوێ غەریب بووین و هەر بۆیە دەرگای ماڵمان دادەخست. دایکم چووە پشت دەرگاکە و گوتی کێیە؟ کەسەکە گوتی من «مەنیج»م، مەنیج حەیران، دەرگاکەم لێ بکەوە حاجی ژن. دایکم گوتی خات مەنیج من دەرگا لە تۆ ناکەمەوە، دوو کچی عازەبم هەن؛ چۆن دەهێڵم یەکی وەک تۆ بێتە ماڵم! جا هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو کە مەنیج حەیران ڕۆیشت و ئیتر نەمبینییەوە. (حوسێن پور، ۲۰۰۳: ل ۲۳)

## بەشی چوارەم

* ئەنجامی توێژینەوە
* پێشنیار و راسپاردەکا

### ئەنجامی توێژینەوە

ئاکامی لیکۆڵینەوەکەمان بەو دەرەنجامە دەگەین کە هونەرمەندی کورد لە رابردوودا بێ پەناترین و بێ پشتیوانترین کەسی کۆمەڵگاکەیان بوون و لەو نێوەشدا ژنە هونەرمەندەکان پتر لە هەمووان غەدریان لێ کراوە. دەگمەنن ئەو هونەرمەندە پیاوانەی کە ئەگەر چەند ژنیشیان نەهێنابێ لانیکەم جارێک ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، بەڵام بەشی زۆری هونەرمەندە ئافرەتەکانی کۆمەڵگای کوردی هەموو ژیانیان بووەتە قوربانی لە پێناوی حەزە هونەرییەکەیاندا. ئەگەرچی بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا لە بەردەستدا نییە بەڵام پێدەچێ هونەرمەندێکی وەک مەنیج حەیران کە دواجار بەبێ کەسی و بێ میراتگر سەر دەنێتەوە و ماڵاوایی لە ژیان دەکات، هەر لەبەر ئەوە مێردی نەکردبێ و ژیانی هاوبەشی پێک نەهێنابێ لەوانەیە پیاوانی ئەو کات ئامادە نەبوویێتن لەگەڵ ژنە گۆرانیبێژێک زەماوەند بکەن. خۆی دوایین بیرەوەری لە بارەی ژیانی مەنیج حەیرانەوە واتە بیرەوەرییەکەی دایکی ئەنوەری سوڵتانی ئەو راستییەمان باشتر بۆ روون دەکاتەوە.

خۆی ئەگەر ئاوا نەبوایە بواری هونەری کوردەواری تا ئێستا بە سەدان قۆناغ لە پێشتر دەبوو. بەڵام ژیانی خێڵەکی و ئایین لێدراوی کوردی کە هەر دوو فاکتۆرەکە (خێڵ و ئایین) پشتیوان و رەوایی بەخشی سیستەمی پیاو سالارین هەموو ئەو هەل و دەرفەتانەیان لە ژنان زەوت کردووە و لەگەڵ باقی مافەکانی دیکەیدا ئەو مافەشیان لێی خواردووە.

### پێشنیار و راسپاردەکان

بە ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئێستا و پێکهاتەی ئێستای کۆمەڵی کوردەواریمان، روون و ئاشکرایە کە تەنیا ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا زیادیان کردووە ئەگینا ئەقڵی تاکی کورد بە داخێکی گرانەوە هێشتا زۆری ماوە لە ئەقڵێکی کرچ و کاڵ و ساواوە پێی بنێتە ئەقڵێکی لۆژیکی و وەک مرۆڤ لە ئافرەت بڕوانێت و پێی وانەبێ ئافرەتی هونەرمەند بێ ئەملا و ئەولا بێ ئەخلاقە. ئەو ئەقڵیەتی خێڵەکی و بیرکردنەوەیە کە تێیدا ژن تەنیا لە جەستەیدا کورت دەکاتەوە و لە دەرەوەی جەستەی ژن هیچ شتێکی دیکەی بۆ گرنگ نییە، بووەتە پەتای کۆمەڵگەکەمان. بەڵام ئەوە ئافرەتی کوردە کە دەبێ نەترسانە پێ بنێتە گۆڕەپانەکەوە و بە داهێنانەکانی خۆی بیسەلمێنێ کە ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە لە دەرەوەی بازنەی



سەرچاوە
Serchawe

مرۆڤایەتی دان. داهێنانی هونەری و هزری دەبێ بکرێتە چەکی بەهێزی ئافرەتان. هەرکات ئافرەت توانیی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی داهێناندا خۆی بسەلمێنێ و بنەمای غەڵەتی روانگە کۆنەکانی پیاوی چەقبەستووی کۆمەڵگاکەی پووچەڵ بکاتەوە و بە بەڵگەی داهێنەرانەوە پێی بڵێی لەتۆ کەمتر نیم و بەڵکو دەتوان زیاتر و بەرزتر و بەتواناتریش بم، ئەو کاتەیە دەتوانن دەرگاکان بخەنە سەر پشت.

### سەرچاوەکان:

#### سەرچاوە کتێبیەکان:

- ئۆسکارمان: تحفەی مقفریە. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی: هێمن موکریانی. دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦.س
- حەمەباقی،حەمە: مێژووی مۆسیقای کوردی. دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد چاپی سێهەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩.
- خالید، جووتیار: حەیران و مەرگی غەریبان (کۆمەڵە وتار). چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٠.
- دزەیی، هۆمەر: هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی حەیران.ناوەندی چاپ و راگەیاندنی خاک، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦.
- رەسووڵ، شوکریە: ئەدەبی فولکلۆری کوردی. دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨.
- شەفیعی کەدکەنی، محەمەد رەزا: موسیقای شیعر. دەزگای ئاگاه، تهران، ساڵی ٢٠٠٧.
- صمدی، سید محمد: نگاهی به تاریخ مهاباد. دەزگای رهرو، مهاباد، ساڵی ١٩٩٨.
- مستەفا رەسووڵ، عێزەدین: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠١٠.
- مەخمووری، غەفوور: هەگبەی مەخمووری. چاپخانەی منارە، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠.

#### سەرچاوە گۆڤاریەکان

- حوسێن پوور، جەعفەر (هێدی): "مەنیج حەیران کێیە؟". گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣٧، ساڵی ٢٠٠٣.
- سەلیمی، هاشم: ژیان و بەسەرهاتی مەنیج حەیران. گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٦٨، ساڵی ٢٠٠٦.

#### سەرچاوە ئینتەرنێتیەکان

- ئاریانپوور، ئەمیر حوسێنی: "چاوگەی موسیقا"بڵاوکراوەی مجدد ((www.chawoshan.mihanblog.com .
٢٢ - ١١ - ٢٠١١ (بینراوە)
تیشیا، فلێر: "هونەرمەندی ژن و خۆ سانسۆرکردن (http://www.iranian.com/main/2011/jul-28) "
١٠ - ٢ - ٢٠١٢ (بینراوە)



سەرچاوە
Serchawe

خزری، عەلی: "حەیران (http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_108236494716855613.html.) "
١٥ - ٢ - ٢٠١٢ (بینراوە)

**پاشکۆکان**:

* **وێنە**
* **بەڵگەنامەکان**





**مەنیج حەیران وەسیەتنامەی مەنیج حەیران**



سەرچاوە
Serchawe



ژنی سەرچۆپی کێش، مەنیج حەیران ـە



بەپێی ئەو بەڵگەیە مەنیج حەیران ملک وماڵی خۆی بە مزگەوتێک بەخشیوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٢ی زایینی